لە ئاتاتورک و ئەردۆغانەوە هەتا کورد و حزبەکانی!.. برایم فەشی

لە پاش شەڕی یەکەم ئیمپراتوری عوسمانی لەبەریەک ترازا و کەماری تورک لە سەر ئیدئۆلۆژی فاشیستی دامەزرا. لەو کاتەوە حزبی چەپ و ڕاست و ئیسلامی تورک، ئامانجیان حکومەتی یەک نەتەوە، یەک زمان و دژایەتی ئەوانیتر بووە. ئەم هژمەنی و ستراتەژییە لە لایەن سەسیال دەموکرات، ناسیۆنالیست، فاشیست و ئیسلامی تا ئەستا پارەزراوە و حزبی کەمەنیستی تورکیا و سەرکۆزیرانی بە ڕەچەڵەک کورد، تورگوت ئۆزال و وەزیر و وەکیلی بە ڕەچەڵەک کورد، لەم ستراتەژییە لایان نەداوە. پەسەی لە ناوبردن و ئاسمیلەکردنی کورد، بە بە بەشداری کورد خۆی، سەری نەگرتووە!

لە تورکیا حزب و گرووپی کوردی هەبوون و داوای مافی کوردیان کردووە، پارتی سەسیالیست، پارتی دەموکرات، پارتی خەجە و هەشت حزبی تر هەبوون و شەشی شەخ ڕەزا، دەرسیم، کەماری ئارارات، دوکتور شوان(سەعید گەڵ سوور/سەعید کرمزی توپراخ) ، ئیحسان نووری پاشا و دەیان ناوی تر وەک لەیلا زانا و مووسا ئەنتەر، بەگەی خەبات و تەکۆشانی باکووری کوردستانە.

پاش کەتایی شەڕی دووهەم(١٩٤٥) لە سەر داوای حکومەتی ئامان هەزاران کورد و تورک وەک کرەکاری میوان هاتنە ئامان و لە درێژدا دامودەزگای کوردەکان دامەزرەندرا و چالاکی ئەوان لە ناوخە گوەزرایەوە بە دەرەوەی وەات. کە ئەمە خۆی لایەنی باش و خراپی هەبوو. کار وخەباتی حزب و کەسایەتییەکان لە ناوخە و دەرەوە کەمترین کارتەکەریی لە سەر حکومەتی تورکیا لە مەە بە ڕەسمی ناسینی مافی کورد هەبوو. لە کتەبی خوەندنگاکانی تورکیا و ئەو کتەبانەی لە خوەندنگەی تورکمان لە هەولەر و شارەکانی تر دەخوەندرەن، تورک وەک تاکە نەتەوەی ئەم وەاتە دەناسرە کە ئەوە بەتە تەگەیشتنی خەک و حکومەت! ،، بیر تورک دونیایە دەیر،، واتە هەر تورکەک یەک دونیا دەهەنە، تەنیا تەگەیشتنی گورگە بەر و فاشیست و ئیسلامی و حزبەکانی نییە و تەگەیشتنی زەرینەی تورک لە تورکیا و دەرەوەی ئەو وەاتەیە!

ئیدئۆلۆژی فاشیستی گرەدراو لە تەک ئیسلام بە خەستی بەتە سیاسەتی ڕەسمی و گرەدەدرەتەوە بە ئامان کە تورکەکان بە هەموو شێوەیەک خەیان نزیک لە هیتلەر و حکومەتەکەی دەبینی. پێشینەی بەکارهێنانی ئیسلام بە مەبەستی سیاسی، دەگەڕێتەوە بە سەردەمی قەیسری ئامان کە سەردانی ئەستانبوڵی کرد و سەتانی عوسمانی وادار کرد، جیهاد دژی ڕووس و بریتانیا ڕابگەنێت. قەیسەر لەم سەفەرەیدا سەردانی سەر گۆڕی سەلاحەدین ئەیوبی کرد و ئەم دەنگەیە لە ناو موسەمانەکان بە کوردەوە، بەاو بووە، کە قەیسەری ئامان بەتە موسەمان و ناوی خۆی کردەتە موحەممەد. ئەم نزیکییە لە سەردەمی هیتلەر دانیشتنی ئەو و موفتی موسەمانانی لەکەوتەوە و ئەم بەڕێنە بە مفتی درا، کە ئەگەر سپای نازی وەاتانی باکان داگیر بکات، جوولەکەی ئەم وەاتانە لە ناو دەبەن، کە ژمارەیان دوازدەهەزار کەس بوو.

لە سەدەی نۆزدە و کۆتایی سەدەی هەژدە نەتەوەکانی ژێر سەیتەرەی ئیمپراتوری عوسمانی، یەک لە دوای یەک خەیان لە ژێر چنگی حکومەتی عوسمانی ڕزگار کرد. کورد وەک موسەمان گرەدراوی عوسمانییەکان مایەوە و تاقمەک لە کورد بەشدار بوون لە قەکردنی ئەرمدنییەکان، هەرچەند خەیان شاهیدی کارەساتی دەرسیم و قەتەوعامی کوردەکانی دەرسیم بوون کە ئایینیان جیاواز لە باقی کوردەکان بوو. ئەوەش ئاشکرایە کە کورد لە ناوخە و دەرەوە، ئەو سیاسەت و دیپلەماسییەی پاش کۆتایی شەڕی یەکەم نەبوو، دەوەتی خۆی دامەزرەنە یان وەک کورد بەشدار بە لە حکومەت. دەوەتی بە ناو لاوی تورکیا بە هاوکاری کورد و ڕەگەڵ کەوتنی خەکەکەی سەری گرت!

سەرهەڵدانی پارتی کرەکارانی کوردستان

کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٧٨ لە ڕەگای چوون بە ئامان بە مەبەستی درەژدان بە خوێندن، لە قەتاری تاران- مونیخ لە ڕەگای دوو خوێنکاریی فارسی چەپ کە دەگەڵانەوە بە ئەتریش لە گەڵ گریلایەکی کوردی باکوور ئاشنا بووم کە خۆی وەک ئەندامی پارتی کرەکارانی کوردستان ناساند و گوتی داوای سەربەخۆی بە کوردستان دەکەن.
ئەو ساڵە ئەندام و لایەنگرانی پارتی کرەکاران لە ڕەگای نەوان سنووری ئەران و تورکیا بە ناوی کاری شەشگەریی، دەهاتنە ناو قەتاری تاران- مونیخ بە دەستبەسەرداگرتنی پاسپەرت و پارەی موسافیرانی ئەرانی. ئەوە هەمان کار بوو کە چریک و موجاهید لە ئەران دەیانکرد و هەڕیان دەکوتایە سەر بانکەکان، ئەوە هەمان کار بوو کە RAF لە ئامان و PLO ی فەلستین دەیانکرد.

پارتی کرێکاران لە باکوور تێشێنەی ساند و گرێدراویان بە گرووپە چەپە تووندڕەوەکانی مارکسیستی ناوچە و ئاڵمان و ئوتریش پەیدا کرد. کەمێک لەو کوردانەی ئەندام و لایەنگری حزبی کۆمۆنیستی تورکیا بوون لە گۆڕیان کەوتن و لە کۆنگرەی یەکەم(١٩٨٠-٨١) کە لە شاخەکانی باشوور پێکهات، تووشی کێشە و یەکتر کوشتن هاتن و تاقمێکیان لە جیا بووە و پەنایان بردە حزبەکانی باشوور.
ساڵی ١٩٨٧ بە یەکەمجار لە شاری کۆنی ئاڵمان شەقامی بەرلین، لایەنگرانیان بە دەهێز و زۆنا لە ڕۆژانی جژنی نەورۆز دەرکەوتن. ئەوان ئەو ساڵانە و ساڵانی دواتر حەولی ئەویان دا دامودەزگای کوردەکانی تر وەک کەمکار، کاکادکا، کەمێکی مامۆستایان، جەواتا کورد، کەمێکی کرێکاران لە مەیدان دەربکەن یان کەسانیان بکەشنە ژێر ڕەکەفی خۆیان، ئەو کارەی لە گەڵ ئەنستیتۆی کورد لە بۆن کرا و سەرئەنجام لە ململانێی ناو کوردەکان هەوەشێندرایەوە. ئەوان دواتر توانیان دەست بەسەر ڕەکخراوی خوێندکاری کورد لە زانستگای کۆن و شوێنیتردا بگرن و ئەندامانی حزبەکانی تر بە لای خۆیان ڕاکێشن، لەوانە ئەندامانی کوردی حزبی کۆمۆنیستی تورکیا کە دواتر دەوری کارگێریان لە ڕەکخستنی دامودەزگای سەر بە پارتی کرێکاران بە تایبەت ئاواکردنی "مەد تی وی"دا گێڕا.
لە درێژدا کە و کەمێکی کوردی عەلەوی و دامودەزگا و حزبی ئیسلامیان دامەزراند و گەلێک کەبەنەویان بە ناوی کۆنگرەی هونەرمەندان و نووسەران و شانۆکاران ڕەکخست و لە درێژدا فستیواڵی شانۆ و فیلم بەڕێوە چوو. وەشانخانە بە چاپی کتێبی کوردی، ئاڵمانی و تورکی دامەزرا و دەیان شوێنی ئابووریی، ڕەستوران و دووکان و شیرکەت و شوێنی فەرهەنگی دامەزرێندران و کەسانیان لە ناو حزبەکانی ئاڵمان، حزبی مارکسیست لینینیست، سۆزەکان و دواتر چەپەکان بوونە ئەندام و هەندێکیان کەوتنە ناو پاڵەمانی شار و ئەیالەت و هەروەها کەسانیان بە پێی پیشەکیان بوونە ئەندامی ئیتحادییە و سەندیکا و لەم شار و ئەو شار بوونە بەرپرس.
سازکردنی ئاکادێمی هونەر لە شاری نەیس، ئەنستیتۆی کورد لە کۆن، بەلین، بلژیک و هەروەها سازکردنی دامودەزگای هونەریی، کەمایەتی، ئابووریی، چاپخانە، وەشانخانە، گرووپی هونەریی، شانۆ، سینەما، مەسیقا لە ئەستانبول، ئامید و شوێنیتر و گرێدانیان بە ئورووپا، پارتی کرێکارانی کوردستانی لە باکووری وڵات و ئورووپا هەتا مەسکۆ و کازاخستان، کردە تەنیا هەزی کورد و دواتر بە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی، پژاک و هادپ و کۆنگە و دامودەزگای تر لە باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خەتی فکریی،

سیاسی، ئیدئۆلۆژی پارتی کرێکارانی کوردستان سنووری باکووری وڵاتی تێپەڕاند، هەرچەند حزبی دایک و دامودەزگاکانی لە لایەنی سیاسی و ئیدئۆلۆژی و ستراتێژی لە ئامانجی سەرەتای خۆیان، واتە سەربەخۆیی کوردستان، دوور کەوتبوونەوە. پەیدابوون و گەشەپێداکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان گەلانێکی سیاسی فەرهەنگی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی لە باکووری کوردستان و تورکیا بوو کە هەزاران کچ و کوڕ خۆیان لەم حزبەدا دیتەوە.

نووسەری ئەم دێڕانە ساڵەکانی ١٩٧٨، ١٩٨٥، ١٩٨٩، ١٩٩٧،١٩٩٤، ٢٠٠٥ هاتوچۆی کوردستان و ئێستانبوڵی کردووە و لە نزیکەوە پەیوەندی لە گەڵ نووسەر، هونەرمەند، سیاسی و دامودەزگای فەرهەنگی، زانستی و حقووقی کورد لە ئێستابوول و ئامێد هەبووە و لە نزیکەوە شاهیدی گەلانی خەڵکی کورد بە نیسبەت مەسەلەی کوردەوە بووە.

ساڵی ١٩٧٨ لە ئێستانبوول لە ناو بازاڕ کە زۆر تاجری کوردی لێیە و لە ناو شار گەلێک هوتیل و دامودەزگایی تیجاریی و بازرگانی، ڕیستەوان، چایخانە، خاوەنکانیان کورد بوون، کەس بە کوردی قسەی نەدەکرد و بە ئاشکرا کەس خۆی بە کورد نەدەزانی. نووسەری ئەم دێڕانە ئەو ساڵە لە ئاکسارای لە گەڵ کوڕێکی تورک کەوتمە گفتوگۆ، کاتێک زانی کوردم، لە گەڵم بە کەشە هات و دەیگوت کورد "بوونی نییە" و بە زۆر دەیویست ڕاکەشی بەردرم پۆلیسم بکات.
ساڵی ١٩٨٥ هەر لەو شارە لە هوتێل، چایخانە، سەر شەقام و ناو ڕێستەوان کە دەیانزانی کوردم هەواڵی پەشمەرگە و ڕۆژهەڵاتیان دەپرسی. ساڵی ١٩٨٩ گەڕان لە ئێستانبووە بەرچاو بوو. نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢ بوو بە خۆپیشاندنی مەزن لە ئێستانبوول و بە خوێن کەشرا و لە هەموو مەدیای جیهان دەنگی دایەوە و بوو بە هەی خۆپیشاندانی مەزن لە ئورووپا و ساڵی ١٩٩٤ لە ئاڵمان گەیشتە ئەو جێگایەی بە چەند سەعات هاتوچە لە ئاتبانەکانی ئاڵمان بە هەی کوردکانەوە ڕاگیرا. هەر هەمان ساڵ ئەمە وەڤدی یەکیەتی مامەستایانی ئاڵمان لە ئێستانبول و ئامێد لە گەڵ کۆمەڵێک سیاسی و کارناسی بواری ئابووریی، فەرهەنگی، سیاسی کورد دانیشتین و لە نزیکەوە ئاگاداری گەلانکاریەکان لە ناو کۆمەڵگا کراین. ساڵی ١٩٩٧دامودەزگای کوردی وەک ئەنستیتیی کورد، وەشانخانە و ستۆدیۆی کورد و کورسی زمانی کوردی و ناوەندی هونەریی و شانۆ و مۆسیقا لە ئێستانبوڵ دامەزرابوو. ساڵی ٢٠٠٥ لە شارداری ئامێد بینەری شانۆ بە زمانی کوردی بووم.

ساڵی ١٩٩٤ و ٢٠٠٥ هەر لە ئامێدەوە هەتا سەر پردی برایم خەلیل

شارە وشار چووین و لە هەموو شارەکان لە گەڵ ئەو کوردانە ڕووبەڕوو بووین کە لە ئامێزیان دەگرتین. لە ئامید ساڵی ٩٤ دووکاندارێک کە ئیزنی دابوو لە گەڵ ئاماڵان بە تەلەفوونەکەی قسە بکەین، کە زانی بە کوردی قسە دەکەم، خێی پەڕاندگیرا و لە ئامێزی گرتین و هەر لەو شارە حاجی خاوەن مینی بووس، برازاکەی خێی ڕەگەڵ خستین هەتا برایم خەلیل. ئەو هەستە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری وان و ئەستامبوڵ بەرچاو نەدەکەوت و فاشیستە بەرگ شینەکان(ئاویی) لە شاری وان ڕاپەچی زیندانیان دەکردین ئەگەر بیانزانیبا کوردین و خەمان بە کورد دەزانین، هەرچەند ئەمەش پەلیس و میت و حکومەتی ئیسلامی تورکیا، هەوەستی سیاسی و کردەویان بەرانبەر بە کورد نەگەڕاوە، بەڵام ئیتر لە گەڵ کوردی ساڵانی ١٩٢٠ بە ١٩٨٠ ڕووبەڕوو نین!

سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان تەنیا سازکردنی گرووپێکی چریکی تووندڕەوی مارکسیست نەبوو. سازکردنی دامودەزگایەکی سیاسی، ئابووریی، تیجاریی، فەرهەنگی، کەمەڵایەتی بوو کە زەرجار خێی لە نزیک دەزگایەکی مافیایی دا دەدیتەوە. ساڵی١٩٨٧ لە شاری "تریەری" ئاماڵان من و دەستەکەم، لە تەک چەند کوردی باکوور بە هەڵکەوت لە ستەڵانەک ئاشنا بووین، خاوەن ڕستوران ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ئەو کوردانەی لەوە کاریان دەکرد و شەوانەش لە ڕستواڵانەکە دەخەوتن، چەند کەسێکیان هیچ وەرقەیەکی ڕەسمی ئاماڵانیان نەبوو، بە قاچاخ هەندرابوون بە ئاماڵان. دواتر لە شارەکانی تر کەسانی ترم ناسی کە بەم شێوە لە باکووری وڵاتەوە هەندرابوون بە ئاماڵان.

ساڵی ١٩٩٥- ١٩٩٦ و پەشتر زەر جار ڕۆژنامە و مەدیای ئاماڵان باسیان لە دەستبەسەرکردنی کەسانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، بە تاوانی قاچاخ، پووڵی ڕەش سپیکردنەوە، تررەی نەیار و ئەندامانی پەشووی خەیان کە لەیان هەڵگەڕابوونەوە، دەکرد.

ساڵی ١٩٩٦/٩٧ وەک شانەپەداگۆگ لە زیندانی شاری کەڵن بەڕەوبەری کورسی شانەپەداگۆگی بە زیندانیانی لاو، نەوان ١٧ بە ٢١ ساڵ بووین. سەرەتا دەبوو لە گەڵ نوێنەرانی زیندانییەکان کە تەنیا ئاماڵانی نەبوون، قسە بکەین. ئەو خانمەی وتەبێژی زیندانییەکان بوو، کاتە زانی ئەمە دوو کەس کوردین، گوتی ئەویش کوردە. لە وەامی ئەم پرسیارە کە چەند کوردی تر لەو زیندانە هەن، گوتی سەد وبیست. لەم زیندانە و زیندانەکانی تری ئاماڵان سەدان کەس گرەدراو لە گەڵ پارتی کرێکاران بە تاوانی جیاوازی سیاسی و ناسیاسی خرابوونەوە زیندان. هەروەها "مەد تی وی" بە تاوانی سپیکردنەوەی پارە،

ماوەیەک داخرا. ساڵانی ١٩٨٧ بەو لاوە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئاڵمان یارمەتی کە دەکردەوە، دواتر لە دووکاندار و خاوەن شیرکەت و کیەسک و رستۆران و چایخانەی تورک و کورد، باجیان وەردەگرت و هەر لەو ساڵانەوە خۆیان دەستیان کرد بە سازکردنی دامودەزگای تیجاری. یەکەم ڕیستورانیان لە شاری کۆلن لە شەقامی لەگزمبورگ دامەزراند.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان، سیستەمێکی سیاسی- نیزامی- ئابووریی- تیجاریی هەمە چەشن بوو، کە سەرەکی لە ڕەژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا و کوردستان و سەرەکی دیکەی لە ئورووپا و وڵاتانی پێشووی سۆڤیەت بوو. ئەم سیستەمە سەرەڕای بە تەریست ناسینی لە لایەن ئورووپا و تورکیا، بەردەوام گەورەتر بەتەوە و بەتە هێز و ڕەکخراوەک کە هەرچەند تا ئێستا حیسابی سیاسی بە نەکرابێت، نەشکراوە، بچووک کرێتەوە و لە ناو ببردرێ. ئەم کارە نە تورکیا پێیکرا و نە ئورووپا.

ئەم سیستەمە پاش دامەزراندنی "مەد تی وی"، کەنگرەی نەتەوەیی، ئەنستیتۆی کورد و دامودەزگای تر، لە گەڵ پشتگیریی نووسەر، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند، پرۆفسۆری زانستگا، سیاسی بە ناو و دەنگ لە ناوخۆ و دەرەوە و لە هەر چوارپارچەی کوردستان ڕووبەڕوو بوو. زۆر کەسی شارەزا لە سکاندیناوی هەتا کانەدا و ئێستانبوول و شارەکانی تر، ڕوویان کرد دامودەزگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەنام هەموو ئەو خاوەن بیر و هزر و هونەر و شارەزا و خاوەن پێگەی کەمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و هونەرییە، تاراندران و لە ناو سیستەمی نادەموکراتیک و ڕەکخراوی شێوە ستالینی نوخبەتارەن، جێگایان نەبووە و بەوەش پارتی کرێکارانی کوردستان بوو بە شوێنی پراکتیککار هەتا تئەرسین و پسپۆر!

ئەوە حزبەکانی باشوور و ڕەژهەڵاتیش دەگرێتەوە و سیستەمی زاڵی ناو حزبی کوردییە! پارتی کرێکاران وەک حزبەکانی باشوور و ڕەژهەڵات بە دەگمەن شارەزا و پسپۆڕ و دیپلۆمات و زمانزانیان لە گەڵ ماوەتەوە، کە لە دەرەوەی وڵات کاری دیپلۆماسی و مەدیایی بە حزبەکەیان بکەن. ئەو کاتەش عەبدوڵا ئوجەڵان دەستبەسەر کرا، لە ئاڵمان کەسیان نەبوو، بچێتە بەر دەم مەدیا! ئێستاش ئەوە چەند مانگە بانگەوازی چەکدانان و هەڵوەشانەوەیان جاڕ داوە، بەنام کەسیان نییە، بەتە بەر مەدیای ئورووپا و داکەکی لە سیاسەتکەیان بکات و زانیاریی ڕاستەوخۆ بداتە ڕای گشتی!

سیاسەتی نوێ کە ئێستا نوێ دەنوێنێ و پێشتر بە فەرمەکی تر لە تورکیا تاقیکراوەتەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان و قەڵەی نیزامی ئەو، ناتوێنێتەوە و سووتاندنی سی دانە کەڵاشینکۆف، کەتایی ئەوان و حزب و سیستەمەکەیان نییە. ئەم سیستەمە دەتوانێ ئەم لایەن و ئەو لایەنی خەی تووشی گەڵان و هەوەشانەوە بکات، کە ئەوە هەوەشانەوەی سیستەم نییە و بەکە جەگەکەی هەز و گەیینی کار و چالاکییە. ئەوەی ووون نییە دوورنمای سیاسی و کاروچالاکی و ەکەوتن و ەنکەوتنی ئەم پارتە و حکومەتی ئەردەغانە. ئەم سیستەمە لە ماوەی ٤٧ ساڵی ابوردوو، گەلەک گەڵانی سیاسی- ئیدئەلەژیک و فەرم و ناوەرکی بەسەردا هاتووە و لە داهاتووشدا بەسەر دێت و دەبە هەمەلایەن سەیر بکرێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە تورکیای دابەشبوو لە لایەنی سیاسی، کە دووچاری قەیرانی ئابووریی، پووڵی، سیاسی، ئیدئەلەژیک بووە و قەیرانی ناوچەکە و دەخی جیهانیش کارتەکەریی لە سەری هەیە، لە گەڵ کورد و پارتەکانی کە بەشەکیان لە ناو پاەلەمانی ئەم وەاتەدان و شارەکانی کوردستانیان لە چنگ پاشماوەکانی ئاتاتورک و فاشیستەکان و ئیسلامییەکان دەرهێناوە و لە گەڵ ٢٢ ملیۆن کورد و ١٥حزب و دامودەزگا ووبەووون ، چۆن مامەڵە دەکەن؟ پارتی کرێکارانی کوردستان و قەڵەی چەکداری ئەگەر بە تەواوی هەوەشێندرێتەوە، مانای ئەوە نییە، کەمەگای کوردستان و کورد، کەتایی هاتووە!

پاشماوەکانی ئاتاتوتک و فاشیستە بەرگ شین و گورگە بەر و حزبی ئیسلامی ئەردەغان، ناتوانن کورد بەرنەوە ناو قەفەسەکەی ئاتاتورک، چ پارتی کرێکاران هەبە، نەبە، یان وەک تورگوت ئوزالەکانیان لە بەت! ئوروپاش ئیتر لە گەڵ کوردی سەد و بیست ساڵی پێش، رووبەروو نین، کە دابەشیان بکەن بەسەر چوار وەاتدا.

جیهان لە گەڵ ئەوکوردانە ووبەووون، کە ستراتەژی و بەرنامەی هاوبەش و ەکخراوی یەکگرتوو و دیپلەماسی نەتەوەیی هاوبەشیان نییە و لە هەر کام لەو وەاتانە ستراتەژی و بەرنامەی نەتەوەیی نابیندرێ و بە پێچەوانە بەرنامە و تاکتیکی حزبی و گرووپی وەک پارتی کرێکارانی کوردستان بەرچاوە، کە بەرپرسی یەکەم نەگەڵ و چەسپاو بە کورسییەوە، ئەم لا و ئەو لا بە حزب و بەرنامە و تاکتیکیان دەکات، وەک پارتی دەموکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق، حزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران ، کەمەڵەی زەحمەتکەشانی کوردستانی ئێران و ئەوانیتر!

ئەوەی ئەمە پارتی کرێکارانی کوردستان دەیکات، بە شێوەیەکی تر پارتی دەموکراتی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٧٥ کردی و حزبی دەموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبەکانی تر لە پاش ساڵی ١٩٨٢ بە شێوەی خۆیان کردیان. پارتی دەموکراتی کوردستانی عێراق، سەرۆکایەتی چەکدارانی هێزاران پێشمەرگە لە ناو نەچوو، حزبەکانی ڕۆژهەڵات سەرۆکایەتی نووشستی گۆڕە لە ناو نەچوون.
پارتی کرێکارانی کوردستان هەر مەبەستێکی سیاسی و ناسیاسی بە بەرژەوەندی و دژ بە بەرژەوەندی کورد هەبە، وەک سیستەم دەمێنێ و دەوری ئەرێنی و نائەرێنی لە بواری سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی لە تورکیا و ناوچەکە دەگێڕێ. ئێم ڕەوتە لە هەموو کوردستان بەردەوام دەبێ، هەتا کۆمەڵگای کورد، تاک و کۆ، بگات بەو ئاستە لە تێگەیشتن، خۆی و دەوری خۆی و مافی خۆی بناسێ و ببێت بە کارەکتەر و کۆسایەتی سەرەکی گۆڕان، ئەوەش بە بە بەشداریی هێزی فکریی- سیاسی- فەلسەفی و بە بە تئۆری و بەرنامە و ستراتێژی و بە بە ڕەکخراوەی ئەمەیی و دیپلۆماسی، کە کورد نیەتی، سەر ناگرێ.

تورکیای ئاتاتورک و فاشیستەکان پاشکشەیان پێکراوە. کورد ئیتر ترکی کەوی نین و لە پارلەمان و کۆمەڵگا و لە سیاسەت و مەدیا و ئابوریی دەوریان هەیە و هەنگاوی تر دەبە هەڵهێننەوە. ئایا تورکیا واز لە سیستەمی داخراوی یەک نەتەوە و یەک وڵات دەهێنێ و سیستەمەکەی بە کورد تووشی گۆڕان دەکات؟ ئایا ئورووپا، ناتە، ئامریکا و وڵاتانی تر هاوکێ دەبن لە گەڵ کورد، بە ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیمایەکی تر پەیدا بکات؟ ئایا کورد و پارتەکانی لە باکوور خۆیان لە یەک بەرنامە و یەک ستراتێژی وەک یەک نەتەوە، دەبینێنەوە، یان حزبایەتی نەتەوە تووشی کارەسات دەکات؟

وەامی ئێم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تر بە تەنیا گرێدراوی پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا نییە و گرێدراوی کورد خۆی و تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی، پراکتیکی سیاسەت و ئاوگۆڕکانی جیهان و ناوچەیە، کە کورد تا ئێستا دەوری تێدا نەدیتووە!

ئەوەی ئەمە لە جیهانی سیاسەت و سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی دەبیندرێ، ناوونی سیاسی و قەیران و کێبرکێی نێوان ئاسیا و ئورووپا و ئافریقا و ئامریکایە. کورد لەم جیهانەدا خاوەن ستراتێژی، بەرنامە و دیپلۆماسی وەک یەک نەتەوە، یەک خاک نییە و تا ئێستا نەیتوانیوە و نەیویستووە ببیت بە هێزی کاریگەر لە ناوچە

و جیهان. هەرچەند ئەم پەتانسیلە لە کوردستان، وەک سەرزەوینەکی یەکجار گرنگ و نەتەوەیەکی شەشت ملیەنی هەیە، ئەگەر بەخە بزاندرە و کـــورد خەی وەک خەکـــی یەک ســـەرزەمین و یەک نەتەوە بـــبینە و بناسەنە!

برایم فەشی

١٢/٧/٢٠٢٥

https://www.bokan.de/laperekan/nuseran/Braym/saied%20glesur.pdf